# شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبوونی باخچە گشتییەکان لە شاری سلێمانی 2024

**شێنێ جەلال حەمە، شیروان عمر رشید**

بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:** ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (دابەشبوونی جوگرافی باخچە گشتییەکان لە شاری سلێمانی) هەوڵێکە بۆ دەرخستنی چۆنییەتی دابەشبوونی باخچە گشتییەکان لە شاری سلێمانی سەرەڕای زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی بە بەردەوامی و پێویستی زیاتر بۆ فەراهەمکردنی کەشێکی ئارام و زیاد کردنی سەوزایی بۆ ناوچەکە نەتوانراوە بە پێی پێویست باخچە لە گەڕەکەکانی ناوچەکە بنیاتبنرێت، کە باخچە گشتییەکان هۆکارێکی سەرەکین بۆ پاککردنەوەی هەواو و ژینگەی ناوچەکە لەگەڵ ڕەخساندنی خۆشگوزەرانی بۆ دانیشتوان، بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکەمان پشتمان بەستووە بە میتۆدی وەسفی شیکاری و مەیدانی و داتا حکومیەکان، توێژینەوەکە بە کۆمەڵێک دەرئەنجام گەیشتووە لەوانە گەڕەکی سەرچنار زۆرترین ژمارەی باخچەی بەرکەوتوە کە ژمارەی باخچەکانی (٤٦) دانەیە، بەڵام هەر یەک لە گەڕەکەکانی (هەکاری، قلیاسان، هەواری شار، سەیوان، ئاوبارە و ئاشە سپی، نێرگز، شۆڕش، قرگە، سروشت، پیشەسازی) تەنها یەک باخچەیان هەیە، ڕووبەری باخچەکان لە گەڕەکێک بۆ گەڕەکێکی دیکە جیاوازە، کە زۆرترین ڕووبەری باخچە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا دەکەوێتە گەڕەکی (سەرچنار) کە ڕووبەرەکەی بریتییە لە (١١١٨٠٤م٢) و ڕێژەی (١٠،٤٧٪) ی کۆی ڕووبەری باخچەکان دەگرێتەوە، بەڵام کەمترین ڕووبەر دەکەوێتە گەڕەکی (قرگە) کە ڕووبەرەکەی دەگاتە (٣٦١م٢) و ڕێژەی (٠،٠٣٪) ی کۆی ڕووبەری باخچەکان دەگرێتەوە، چڕی دابەشبوونی ڕووبەری باخچەکان جیاوازە ئەو باخچانەی بەرزترین چڕییان هەیە دەکەونە پۆلی ڕووبەر (١٤٢٩٢-٢٨٢٢٢)م٢ کە (١٠) باخچە دەگرێتەوە کۆی ڕووبەریان دەگاتە (٢٢٧٨٦٣م٢) و ڕێژەی (٢١،٣٪) ی کۆی ڕووبەری باخچەکان پێک دێنێت، بەڵام ئەو باخچانەی نزمترین چڕییان هەیە دەکەونە پۆلی ڕووبەر (٨٣٩٤٧-٩٧٨٧٧)م٢ کە تەنها (١) باخچە دەگرێتەوە بە ڕووبەری (٩٢٦٠٠م٢) و ڕێژەی (٨،٦٪) ی کۆی ڕووبەری باخچەکان دەگرێتەوە، بۆ زیاتر سەوزکردنی شاری سلێمانی پێویستە ژمارەی باخچەکان زیاد بکرێت بە مەبەستی دیمانی جوان و پاکژکردنی ژینگەکەی ئەو گەڕەکانەی باخچەیان نییە باخچەیان بۆ دروست بکرێت بە مەبەستی بەدیهێنانی هاوەسەنگی دابەشبوونی باخچەکان لە ناوچەکەدا.

**کلیلە ووشە:** دابەشبوونی جوگرافی، باخچەی گشتی،خزمەتگوزاری، خۆشگوزەرانی، شاری سلێمانی.

## پێشەکی:

باخچە گشتییەکان وەک بەشێک لە سەرچاوە گرنگەکانی سەوزایی و پشودانی خەڵک، ڕۆڵێکی ستراتیژیانەیان هەیە لە باشترکردنی کەش و هەوا، پاراستنی ژینگە و پێشخستنی کۆمەڵایەتی، گەشەی خێرای دانیشتوان لە شاری سلێمانی بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ڕووبەری سەوزایی و فشاری زیاتر لەسەر سیستەمی ژینگەیی. بەڵام دابەشبوونی باخچە گشتییەکان لە شاری سلێمانی شێوەیەکی ناڕێک و پێکی هەیە و هەندێ لە گەڕەکەکان ژمارەیەکی زۆر باخچەی هەیە و هەندێکی دیکە هیچ باخچەیەکی نییە، کە ئەمەش بۆ چەندین هۆکاری شارستانی و ئابوری و پلاندانان دەگەڕێتەوە.

**لایەنی تیۆری توێژینەوەکەمان بەم خاڵانە دەخەینەڕوو:**

### 1- کێشەی توێژینەوە:

ا-ئایا دابەشبوونی باخچە گشتییەکان لە شاری سلێمانی هاوسەنگە لە نێوان گەڕەکەکانی شاردا ؟

ب- ئایا جیاوازی لە ڕوبەر و ژمارەی باخچە گشتیەکان لە نێوان گەڕەکەکاندا بوونی هەیە ؟

### 2- گریمانەی توێژینەوە:

وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ کێشەی توێژینەوەکە، گریمانەی ئەم خاڵانە دەکەین :

-دابەشبوونی باخچە گشتییەکان بە شێوەیەکی ناهاوسەنگە بە شێوەیەک هەندێک گەڕەک ژمارەی باخچەی زۆری هەیە و هەندێکی دیکە بێبەشە لە بوونی باخچە.

-جیاوازی هەیە لە ڕوبەر و ژمارەی باخچەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە کە پێویستی بەڕێکخستنەوە هەیە .

### 3- ئامانجی توێژینەوە:

خستنەڕوو و دەرخستنی چۆنییەتی دابەشبوونی باخچە گشتییەکان لە شاری سلێمانی

-دەرخستنی ئاستی جیاوازی شوێنی دابەشبوونی باخچەکان لە ڕووی ژمارە و چڕی لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی

-دیاریکردنی ڕووبەری باخچە گشتییەکان لە کۆی ڕووبەری شاری سلێمانی .

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 3(2026)؛ عدد الصفحات (9)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n3y2026.pp111-119

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 9 تشرين الأول 2025؛ قُبل في 23 تشرين الثاني 2025؛ نُشرت في 23 تموز 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: shenejalal0@gmail.com, shirwan.rashid@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2026 شێنێ جەلال حەمە، شیروان عمر رشید. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

### 4- گرنگی توێژینەوە:

گرنگی توێژینەوەکە لە باسکردنی تەوەری باخچە گشتییەکانی شاری سلێمانیدایە، بەو پێیەی یەکێکە لەو شارانەی کە بەبەردەوامی قەبارەی دانیشتوانی شار زیاد دەکات و گەرەکە نیشتەجێبوونەکانی گەشە دەکات، ئەمەش بارگرانیەکی بەرچاو دەخاتە سەر خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی، لە ئەنجامدا باخچە گشتییەکان پێویستیان بە پاڵپشتی هەیە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنییەتیەوە کە گونجاو بێت لەگەڵ دابەشبوون و گەشەی دانیشتوان .

### 5- ڕێبازی توێژینەوە:


لێکۆڵینەوە زانستییەکان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانیان پێویستیان بە میتۆدێک یان زیاتر هەیە، توێژەران لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکان، پشتیان بەستووە بە بە میتۆدی وەسفی و شیکاریی و داتای جوگرافی، لەگەڵ ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانی بۆ سەردانیکردنی باخچەکان و دامودەزگاکانی حکومەت بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری بۆ دروستکردنی خشتە و شیکردنەوەیان بە بەکارهێنانی بەرنامەی سیستمی زانیاریە جوگرافیەکان (GIS ) بە مەبەستی دروستکردنی نەخشەی دابەشبوونی جوگرافی باخچە گشتییەکان .

### 1- شوێنی جوگرافی:

شاری سلێمانی سەنتەری کارگێڕی پارێزگای سلێمانیە . پارێزگای سلێمانی یەکێکە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان و باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق، لە باکورەوە سنوری لەگەڵ پارێزگای هەولێر، لە ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنورە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، لە باشوری ڕۆژهەڵات سنوری لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجەیە، لە باشور سنوری لەگەڵ ئیدارەی گەرمیانە، لە ڕۆژئاوا سنوری لەگەڵ پارێزگای کەرکوکە (محمد، شاد حمید، ٢٠١٩، ل١٢). ناوچەی توێژینەوە لە روی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (''55 '28 °35) و (''49 '39 °35) باکور و هەردوو هێڵی درێژی (''5 '18 °45) و ( '30 °45 ''18)ی ڕۆژهەڵات (حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، ٢٠٢٤ ).ناوچەی توێژینەوە لەڕوی سروشتییەوە کەوتۆتە نێوان کۆمەڵێک زنجیرە شاخەوە کە لە سێ لاوە دەوریانداوە، لەڕۆژهەڵاتەوە چیای بەردەکەڕ و چیای گۆیژە و لە باکورەوە چیای ئەزمەڕ و قەیوان و لە ڕۆژئاواوە چیای پیرەمەگرون و چیای تاسڵوجە و لە باشورەوە چیای بەرانان و گڵە زەردەیە، لە باشوری ڕۆژئاواوە دەشتی شارەزورە (ئەمین، ٢٠١٣،ل٤٦)لە نەخشەی (١) دا نیشاندراوە ، ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی (٧٨٢٥٠٣) کەسە بۆ ساڵی (٢٠٢٤).

**نەخشەی (١)**

**شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە لە پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و عێراق**



**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.**

### 2- دووەم/ناساندنی زاراوەکان

ناساندنی زاراوەکان بابەتێکی گرنگە لە توێژینەوەکاندا و بە تایبەت لە توێژینەوە جوگرافیەکان، چونکە توێژەر ئاڕاستەی خۆی وەردەگرێت بۆ توێژینەوەی بابەتەکە، بە پێی ناساندنی زاراوە و بابەتەکان، لە لایەکیتریش مەبەست و ئامانجی توێژەر روون و ئاشکرا دەبێت بۆ خوێنەر، کە مەبەستی لەو بابەتە یان زاراوە یا ئاراستەی توێژینەوەکە چۆنە، لێرەدا ناساندن دەکەین بۆ هەر یەک لەو زاراوانەی بەکارهاتون و دەیانخەینەڕوو:ــ

**خزمەتگوزاری:** خزمەتگوزارییەکان ئامرازێکی گرنگن کە ڕادەی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا و ئاستی ژیانی دانیشتوان دەردەخەن، لەڕێگەئی جۆر و بڕی خزمەتگوزارییەکانەوە دەتوانرێت ئاستی گەشەپێدانی هەر کۆمەڵگایەک دەستنیشان بکرێت، هەروەها دەکرێت بەراوردی پێبکرێت لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تردا بۆ دیاریکردنی پلەکەی لە نێو کۆمەڵگاکانی تردا (الحديثي،١٩٨٢،ص٢١) .

**خۆشگوزەرانی:** بریتیە لەو چالاکیانەی کە لە کاتی بەتاڵ ئەنجام دەدرێن، ئەمەش ژمارەیەکی زۆر چالاکی دەگرێتەوە هەندێکیان چالاکی وەرزشین و هەندێکیان چالاکی حەسانەوەی دەرونین، ئەم چالاکیانەی ئێستا مۆرکێکی ئابوری وەرگرتووە و بە گوێرەی ئامارەکان ساڵانە ٤٠٠ ملیار دۆلار داهات لەو بوارەدا تۆمار کراوە و بە ملیۆنان هەلی کاری ڕەخساندووە، خواست لەسەر ئەنجامدانی ئەم جۆرە چالاکییە بە تایبەت لە شارەکاندا بەردەوام لە زیادبووندایە، چونکە مرۆڤ دوای ئەنجامدانی کار و ماندووبوونی ڕۆژانە پێویستی بە پشودان بە جەستە و دەرونی هەیە (هەنارەیی و أحمد، ٢٠٢٠،ل٣٣٦) .

**جوگرافیای خزمەتگوزاری:** بریتیە لە کۆمەڵە چالاکی و جموجوڵێک کە دەبێتە هۆی تێرکردنی ئارەزووەکانی مرۆڤ و ئاسوودەبوونی دەروون و هزری بە جۆرێک لەگەڵ تەمەن و ئاستی رۆشنبیریدا گونجاو بێت (الظالمي،٢٠١٨،ص١٩) .

خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی: بریتیە لەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی کۆمەڵگای شار و هەرێمەکان دەکرێت بە مەبەستی چێژوەرگرتن و ئارامی دەروونی و جەستەیي عەقڵی و بەسەتهێنانی زانیاری نوێ بۆ گشت ئاست و تەمەنێک لە کاتی دەست بەتاڵیدا، ئەو خزمەتگوزاریانەش بریتین لە: باخچە گشتیەکان و سەیرانگاکان و شارەکانی یاری و سەنتەرەکانی چاودێری گەنجان و مەلەوانگەو شانۆ و سینەما و پێشانگا و مۆزەخانە و شوێنە ئاینییەکان و گشت چالاکیە وەرزشی و خزمەتگوزارییەکای قاوەخانەو ئینتەرنێت (الجميلي،٢٠٠٧،ص ٢١) .

**باخچە گشتییەکان:** بە شیوەیەکی گشتی بریتییە لە پانتاییەکی سەوز کە جۆرەها درەخت دەوەن و گوڵ و گژو گیا لە خۆ دەگرێت، لە نێوانیاندا چەند ڕێڕەوێک هەیە بۆ هاتوچۆی پیادەڕۆیان، وێڕای بوونی چەند ناوچەیەک بۆ دانیشتن و پشودان، ئەو باخچانە لەناو گەڕەکەکان و لەسەر ڕێگا سەرەکییەکان یان لە نزیکیان دروست دەکرێن (الدليمي،٢٠٠٨، ص ١٩٨) , ئەم باخچانە سەر بە دەوڵەتن کە بە ئاسانکاری گشتی لە شارەکاندا هەڵکەوتون، ناوچەیەکن بۆ کات بەسەربردنی دانیشتوان و بۆ مەشقکردنی وەرزشی تێدا، جگە لە جوانی شوێنەکە، بەو پێیەی ئەو خاکەیە کە سەوزایي و ئاوی تێدایە و چێژ لە هەوای پاک وەردەگرێت و یاری و کوری بۆ دانیشتن هەیە و پەرژی بۆ دەکرێت و وێنێکی گشتییە، ڕێگە بە هەمو کەسێک دەدەرێت بچێتە ناویەوە و وەک شوێنی سەیران و پشودان و یاریکردن بەکاردەهێنرێت (سعيد، ٢٠١٨، ص٦).

## سێیەم/گرنگی باخچە گشتییەکان :

باخچە گشتییەکان ناوچەی گرنگی خۆشگوزەرانین، کە دانیشتوان دەیانەوێت لە ڕۆژانی ئاسایي یان لە پشوی فەرمیدا کاتە بەتاڵەکانیان بەسەردەبەن، بۆیە ئەم دامەزراوانە کاریگەری ژینگەیي و کەش و هەوا و جوانکاریان هەیە، بەو پێیەی کاردەکەن بۆ باشترکردنی بارودۆخی کەش و هەوا و کەمکردنەوەی چڕی گەرما و کاردەکەن بۆ گەڕانەوەی هاوسەنگی ژینگەیي و کەمکردنەوەی پیسبوونی بەرگە هەوای شارەکان لە ڕێگەی ڕێوشوێنە خۆپارێزیەکانیان کە پەیوەندیان بە وشکبوونەوەی پلەکانی گەرما و زیدکردنی شێدارییەوە هەیە، دواتر ڕۆڵیان دەبێت لە کەمکردنەوەی پلەکانی گەرما بە تایبەت لە وەرزی هاویندا (الموسوي و الخزرجي، ٢٠٢٠، ص١٧٩) .

1. خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا : کۆمەڵگاکان پێویستیان بە بەرزکردنەوەی خۆشگوزەرانی دانیشتوانەکانیان هەیە، بۆیە دروستکردنی شوێنی وەرزشی یەکێکە لە ڕێگاکانی دابینکردنی پێداویستیەکانی هەر کەسێک لە ڕوی دەرونی و جەستەییەوە، وەک چۆن ئەو کەسانەی لە شارەکاندا دەژین دەناڵێنن بە دەست کێشەی نەجوڵان و بەسەربردنی کاتێکی زۆر لە ژورەوە، بۆیە پارک و باخچەکان یارمەتیدەرن لە چارەسەرکردنی ئەو جۆرە کێشانە، بە دابینکردنی شوێنێک بۆ ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵگە بچنە دەرەوە و چالاکی ئەنجام بدەن ئەمەش بۆتە هۆی زیادبوونی شوێنی سەوزایي لە نزیک دانیشتوان.
2. پاککردنەوەی هەوا: لە شارەکاندا پیسبوونی هەوا بۆ هۆی دوکەڵی ئوتومبێل و پیشەسازیەکانەوە دەگاتە ئاستێکی مەترسیدار بۆ دانیشتوان، چاندنی نەمام لە پارک و باخچە گشتیەکان بەرەنگاری ئەم کێشانە دەبێتەوە .
3. بوونی روبەر یان شێوازی پەیوەندی کردن : هەرزەکاران تاکە کۆمەڵە کەس نین کە کاتێکی زۆر بە ئینتەرنێت بەسەر دەبەن، هاوڵاتیان کە دەچنە سەر کار و دەگەڕێنەوە ماڵەوە بە دەگمەن کەسانی دیکە دەبینن و تیەڵ دەبن، بۆیە پارکەکان ئەو هەلەی ڕەخساندووە کە کاسانی دیکە بناسن و لایەنی کۆمەڵایەتیان بەهێز بکەن .
4. هاندانی چالاکی منداڵان : ئەو منداڵانەی کاتی زیاتر بەسەر دەبەن لە دەرەوەی ماڵ، نمرەکانیان بەرزترە وە کێشەی ڕەوشتیان کەمترە، ئەدای زانستیان بەرزە و خۆڕێکخستنی کەسێتیان زۆر باشە .
5. دروستکردنی شوێنی سەلامەت بۆ کۆبوونەوە : دانیشتوان پێویستە هەست بە سەلامەتی بکەن، ئەگەر شوێنێکیان نەبێت بۆی بچن بە بێ ئەوەی هەست بە مەترسی بکەن ئەوا لە ماڵەکانیان دەمێنەوە، پارکەکان دەتوانن یارمەتیدەربن لە چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە بە دابینکردنی شوێنێکی سەلامەت بۆ دانیشتوان و منداڵەکانیان تاکو کاتێکی خۆشی تێدا بەسەر بەرن (العدوان، ٢٠٢٢، ص٢٦٣)

## چوارەم/ دابەشبوونی باخچە گشتییەکان لە شاری سلێمانی

دابەشبوون بە کرۆکی کاری جوگرافی دادەنرێت، هەندێک جاریش وا لە جوگرافیا دەڕوانێت کە زانستی دابەشبوونی شوێنییە، دابەشبوونی شوێنی دیاردە جوگرافییەکان بە یەکێک لە بابەتە گرنگەکان دادەنرێت لە زانستی جەگرافیادا، بۆیە دابەشبوون لە جوگرافیادا بریتییە لە دوبارەبوونەوەی دیاردەکان لە شوێنێکدا، یان ئەو ڕێکخستنەیە کە لە ئەنجامی دابەشبوونی دیاردەکان کە بەو هۆیەوە بە شێوازێکی تایبەت دەردەکەوێت (عباس،و حسێن، و مصطفى، ٢٠٢١، لا ٦٢٥)لە خشتەی (١) و نەخشەی (٢)دا دەردەکەوێت کە ژمارەی باخچە گشتییەکان دەگاتە (٤٨١) باخچە لە ناوچەکە، دابەشبوون بەسەر (٩١) گەڕەک لە شارەکەدا، بەڵام هەندێک لە گەڕەکەکان پێکەوە هەژمار کراون*، بەسەر ناوچە جیاوازەکانی شاردا دابەشبوون کە بونەتە جێگای سەرنجی گەشتیاران و سەردانیکاران کاتە بەتاڵەکانیان تێدا بەسەر دەبەن، وەک لە وێنەی (١) وێنەی باخچەیەک لە گەڕەکی ڕۆژهەڵات و گەڕەکی ڕزگاری .

### ١- دابەشبوونی جوگرافی (ژمارەیي) باخچە گشتییەکان لە ناوچەی توێژینەوە :__

باخچەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا لە ڕووی ژمارەیانەوە جیاوازن، هەر ئەم جیاوازیەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەریەکەیان ڕێژەی تایبەت بە خۆیان هەبێت، هەریەکەشیان لە ناوچەکەدا بە جۆرێک خزمەت بە دانیشتوانی شارەکە دەکەن، لە نێوان هەموو باخچەکاندا گەڕەکی (سەرچنار)بەرزترین ڕێژە پێک دێنێت کە (٤٦)باخچەی هەیە، کە زۆرترین ڕوبەری لە ناوچەکە داگیر کردووە کە دەگاتە (١١١٨٠٤)*، لە خشتەی (١) تیبینی ئەم چەند خاڵە دەکەین :__

-ئەو گەڕەکانەی ژمارەی باخچەکانیان لە (١٠) کەمترە (٣١) گەڕەک دەگرێتەوە کە (١٨,٥٪) ی کۆی گشتی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی پێکدەهێنێت، ئەو گەڕەکانەی ژمارەی باخچەیان لە (٢٠) کەمترە ئەوا (١٤) گەڕەکن کە ڕێژەی (٨,٣٪) ی کۆی گەڕەکەکان پێکدەهێنێت، هەروەها ئەو گەڕەکانەی کە ژمارەی باخچەکانی کەمترە لە (٣٠) تەنها (٢) گەڕەک هەیە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە کە ڕێژەی (١,١٪) ی کۆی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی پێکدەهێنێت، ئەو گەڕەکانەی کر ژمارەی باخچەکانیان کەمترە لە (٤٠) ئەوا (٣) گەڕەک دەگرێتەوە بە ڕیژەی (١,٧٪) لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گەڕەکانەی کە ژمارەی باخچەکانیان لە (٤٠) باخچە زیاترە ئەوا تەنها یەک گەڕەک دەگرێتەوە بە ڕێژەی (٠,٥٪) ی کۆی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی .

-ئەو گەڕەکانەی کە زۆرترین ژمارەی باخچەی بەرکەوتوە بریتیە لە گەڕەکی سەرچنار کە (٤٦) باخچەی هەیە بە ڕێژەی (٩,٦٪)، هەروەها ئەو گەڕەکانەی کەمترین

باخچەیان بەرکەوتووە بریتین لە گەڕەکەکانی (هەکاری، قلیاسان، هەواری شار، سەیوان، ئاوبارە و ئاشە سپی، نێرگز، شۆڕش، قرگە، سروشت، پیشەسازی) کە تەنها (١) باخچەی بەرکەوتووە بە ڕێژەی (٢,١) لە کۆی باخچەکانی شاری سلێمانی.

- ئەو گەڕەکانەی ژمارەی باخچەکانیان لە (١٠) کەمترە (٣١) گەڕەک دەگرێتەوە کە (٦,٤٪) ی کۆی گشتی ژمارەی باخچەکان شاری سلێمانی پێکدەهێنێت، ئەو گەڕەکانەی ژمارەی باخچەیان لە (٢٠) کەمترە ئەوا (١٤) گەڕەکن کە ڕێژەی (٢,٩٪) ی کۆی گشتی ژمارەی باخچەکان پێکدەهێنێت، هەروەها ئەو گەڕەکانەی کە ژمارەی باخچەکانی کەمترە لە (٣٠) تەنها (٢) گەڕەک هەیە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە کە ڕێژەی (٠,٤٪) ی کۆی گشتی ژمارەی باخچەکان شاری سلێمانی پێکدەهێنێت، ئەو گەڕەکانەی کە ژمارەی باخچەکانیان کەمترە لە (٤٠) ئەوا (٣) گەڕەک دەگرێتەوە بە ڕێژەی (٠,٦٪) ی کۆی گشتی ژمارەی باخچەکان پێک دەهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گەڕەکانەی کە ژمارەی باخچەکانیان لە (٤٠) باخچە زیاترە ئەوا تەنها یەک گەڕەک دەگرێتەوە بە ڕێژەی (٠,٢٪) ی کۆی گشتی ژمارەی باخچەکانی شاری سلێمانی .

**خشتەی (١)**

**ژمارە و ڕێژەی باخچە گشتییەکان لە شاری سلێمانیدا بۆ ساڵی ٢٠٢٤**

| ژمارە | گەڕەک | ژمارەی باخچە | ڕێژەی باخچە لە کۆی باخچەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | ئاشتی | 20 | 4.16 |
| 2 | بەرانان | 10 | 2.08 |
| 3 | باخان | 3 | 0.62 |
| 4 | بەختیاری | 34 | 7.07 |
| 5 | مامۆستایان | 17 | 3.53 |
| 6 | هەکاری | 1 | 0.21 |
| 7 | کاریزە وشک | 12 | 2.49 |
| 8 | دەباشان | 4 | 0.83 |
| 9 | سەرچنار | 46 | 9.56 |
| 10 | بادینان | 2 | 0.42 |
| 11 | شەکرەکە | 11 | 2.29 |
| 12 | زەرگەتە | 11 | 2.29 |
| 13 | قلیاسان | 1 | 0.21 |
| 14 | کوردسات | 31 | 6.44 |
| 15 | سەروەری | 9 | 1.87 |
| 16 | فەرمانبەران | 22 | 4.57 |
| 17 | شێخان | 13 | 2.7 |
| 18 | مەلکەندی | 2 | 0.42 |
| 19 | گۆیژە | 3 | 0.62 |
| 20 | دارۆغا | 2 | 0.42 |
| 21 | تووی مەلیک | 17 | 3.53 |
| 22 | هەواری شار | 1 | 0.21 |
| 23 | تاڤگە | 4 | 0.83 |
| 24 | سەیوان | 1 | 0.21 |
| 25 | ئابڵاخ | 2 | 0.3 |
| 26 | ئاوبارە و ئاشە سپی | 1 | 0.15 |
| 27 | عەلی کمال | 7 | 1.46 |
| 28 | مەجید بەگ | 10 | 2.08 |
| 29 | ئازادی | 13 | 2.7 |
| 30 | ئەزمەڕ | 6 | 1.25 |
| 31 | هەوارەبەرزە و هەواری تازە | 6 | 1.25 |
| 32 | نێرگز | 1 | 0.21 |
| 33 | شۆڕش | 1 | 0.21 |
| 34 | ئیبراهیم احمد | 12 | 2.49 |
| 35 | کازیوە | 9 | 1.87 |
| 36 | خەبات | 18 | 3.74 |
| 37 | ڕۆژهەلات | 4 | 0.83 |
| 38 | کانی با | 4 | 0.83 |
| 39 | ولوبە | 6 | 1.25 |
| 40 | قرگە | 1 | 0.21 |
| 41 | سروشت | 1 | 0.21 |
| 42 | گوڵەباخ | 2 | 0.42 |
| 43 | پیشەسازی | 1 | 0.21 |
| 44 | چوارباخ | 16 | 3.33 |
| 45 | شێخ محێدین | 4 | 0.83 |
| 46 | ئاوباریک | 4 | 0.83 |
| 47 | شارەوانی | 16 | 3.33 |
| 48 | کۆمپانیای بیابان | 2 | 0.42 |
| 49 | باڵامبۆ | 7 | 1.46 |
| 50 | چوارچرا | 11 | 4.22 |
| 51 | ڕزگاری | 39 | 4.99 |
| کۆ | | 481 | 100 |


**سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە :1- وەزارەتی شاروانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلیمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە، ئاماری ساڵی ٢٠٢٤.**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، ٢٠٢٤ .**

**2و-ەزارەتی شاروانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلیمانی، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە، ئاماری ساڵی ٢٠٢٤.**

**نەخشەی(٢)**

**دابەشبوونی چڕی ژمارەی باخچەکان لە شاری سلێمانی**




**سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (١) .**

## ٢- دابەشبوونی گرووپی قەبارەی باخچە گشتییەکان لە شاری سلێمانی

بە تێڕوانین لە خشتەی(٢) و نەخشەی (٣) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە زۆرترین گرووپی قەبارەی باخچەکان لە شاری سلێمانی بەپێی گەڕەکەکان لە نێوان ١٣-١٨بە ڕێژەی(٢٢,٨٪) و کەمترین ڕێژەیش گرووپی 37-42 بە ڕێژەی 8.1 لەکاتێکدا هیچ ژمارەیەکی دووبارە بۆ پۆلی ٢٥-٣٠ تۆمار نەکراوە لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی واتە گرووپی١٣-18 بەرزترین ڕێژەیان لە نێوان گەڕەکەکانی شاری سلێمانی گرتووە بە ڕێژەی لە (٢٢,٨٪)ی کۆی گشتی سەرجەم باخچەکانی شاری سلێمانی.

**خشتەی (٢)**


**دابەشبوونی گرووپی قەبارەی باخچە گشتییەکان لە شاری سلێمانی بۆ ساڵی ٢٠٢٤**

| ژمارە | پۆل | ژمارەی دووبارەبوونەوەی باخچە | ڕێژەی چڕی دابەشبوون |
|---|---|---|---|
| 1 | 1-6 | 70 | 14.5 |
| 2 | 7-12 | 109 | 22.6 |
| 3 | 13-18 | 110 | 22.8 |
| 4 | 19-24 | 42 | 8.7 |
| 5 | 25-30 | 0 | - |
| 6 | 31-36 | 65 | 13.5 |
| 7 | 37-42 | 39 | 8.1 |
| 8 | 43-48 | 46 | 9.5 |
| کۆ | ٨ پۆل | 481 | 100 |

**سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی(١)**

**شێوەی (١)**

**دابەشبوونی گرووپی قەبارەی باخچە گشتییەکان لە شاری سلێمانی بۆ ساڵی ٢٠٢٤**





**سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی(٢)**

*هەندێک لە باخچەی گەڕەکەکان پێکەوە هەژمارکراون، بەڵام لە خشتەی (١) تەنها (٥١) گەڕەکیان ئاماژە پێداوە، وەک ئەمانەی لای خوارەوە :ــ

گەڕەکی کوردسات (کوردسات٢، باستان، سارداو)، گەڕەکی هەوارە بەرزە (هەواری تازە، چیای گۆیژە، مەحوی)، گەڕەکی کاریزە وشک (کاریزە وشک٢، سورێن)، گەڕەکی مامۆستایان (قازی محمد، سلێمانی تازە)، گەڕەکی سەروەری (کۆیستان، زێڕین)، گەڕەکی بەرانان (شێروانە، ئەندازیاران)، گەڕەکی زەرگەتە (بێسارانی)، گەڕەکی ئاشتی (ئاشتی٢،ڕاپەڕین)، گەڕەکی چوارباخ(وەیس)، گەڕەکی ئابلاخ (مشیر ئاوا)، گەڕەکی کازیوە (کانی شەکراو)، گەڕەکی کانی با (هیوا، پەری، سانا)، گەڕەکی فەرمانبەران(هێمن)، گەڕەکی باڵامبۆ(چراخان) ، بەختیاری(بەختیاری تازە)، گەڕەکی سەرچنار(سەرچنار٢ ، هەرەوەزی)، گەڕەکی گۆیژە(گۆیژەی نوێ)، گەڕەکی مەجید بەگ(مەجید بەگ٢)، گەڕەکی ئازادی(ئازادی٢، شەهیدان)، گرەکی خەبات(خەبات٢)، گەڕەکی ڕۆژهەڵات(ڕۆژهەڵات٢)، گەڕەکی قرگە(قرگە٢)، گەڕەکی وڵوبە (بڵێسە)، گەڕەکی ڕزگاری(ڕزگاری ٢)، گەڕکی چوارچرا(چوارچرای ٢ و ٣).

نەخشەی(٣)
دابەشبوونی چڕی ژمارەی باخچەکان لە شاری سلێمانی




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (٢)

وێنەی (١)
باخچەی گەڕەکی ڕۆژهەڵات و ڕزگاری





سەرچاوە/ سەردانی مەیدانی توێژەر لە بەرواری (٢٠٢٥/٤/٥ و ٢٠٢٥/٥/٢٠)

## -دابەشبوونی جوگرافی (ڕێژەیی) ڕووبەری باخچە گشتییەکان لەسەر ئاستی گەڕەکەکان :

زۆر جار پشت بەستن بە دابەشکردنی ژمارەیی تەنها بۆ دابەشکردنی خزمەتگوزاریەکی دیاریکراو ئەنجامێکی ورد نادات بە دەستەوە، بۆیە دەتوانرێت پەنا بۆ لێکۆڵینەوە لە دابەشبوونی ڕوبەر و ڕێژەی سەدی ڕوبەری خزمەتگوزاریەکە بۆ کۆی ڕوبەری گەڕەکەکان بنات (الرواندزي، ٢٠١٥، ص١٤) . لە شارەکەدا باخچەکان بە شێوەیەکی جیاواز دابەشبوون و لە شێوەی ڕوبەری جیاوازدا دەبینرێن، خشتەی (٣) دابەشبوونی قەبارەیی و ڕێژەی ڕوبەری باخچە گشتییەکان بە گوێرەی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی بۆ ساڵی (٢٠٢٤)*، لە خشتەی (٣) تێبینی ئەم چەند خاڵە دەکەین :ـــ

-ئەو گەڕەکانەی ڕوبەری باخچەکانیان لە نێوان (٣٦١-٢٨٢٢٢)م٢ (٣٩) گەڕەک دەگرێتەوە کە (٠,٠٠٣٠٪) ی کۆی گشتی ڕوبەری گەڕەکەکانی شاری سلێمانی پێکدەهێنێت، ئەو گەڕەکانەی ڕوبەری باخچەیان لە (٢٨٢٢٣-٥٦٠٨٤) م٢ ئەوا (٩) گەڕەکن کە ڕێژەی (٠,٠٠٢٨٪) ی کۆی گەڕەکەکان پێکدەهێنێت، هەروەها ئەو گەڕەکانەی کە ژمارەی باخچەکانی (٥٦٠٨٥-٨٣٩٤٦) هیچ گەڕەکێک تۆمار نەکراوە کە ئەو ڕوبەرەی هەبێت، ئەو گەڕەکانەی کە ڕوبەری باخچەکانیان لە (٨٣٩٤٧-١١١٨٠٤) ئەوا (٣) گەڕەک دەگرێتەوە بە ڕێژەی (٠,٠٠٢٤٪) .

- ئەو گەڕەکانەی ڕوبەری باخچەکانیان لە نێوان (٣٦١-٢٨٢٢٢)م٢ (٣٩) گەڕەک دەگرێتەوە کە (٣٦,٦٪) ی کۆی گشتی ڕوبەری باخچەکانی شاری سلێمانی پێکدەهێنێت، ئەو گەڕەکانەی ڕوبەری باخچەیان لە (٢٨٢٢٣-٥٦٠٨٤) م٢ ئەوا (٩) گەڕەکن کە ڕێژەی (٣٤,١٪) ی کۆی ڕوبەری باخچەکان پێکدەهێنێت، هەروەها ئەو گەڕەکانەی کە ژمارەی باخچەکانی (٥٦٠٨٥-٨٣٩٤٦) هیچ گەڕەکێک تۆمار نەکراوە کە ئەو ڕوبەرەی هەبێت، ئەو گەڕەکانەی کە ڕوبەری باخچەکانیان لە (٨٣٩٤٧-١١١٨٠٤) ئەوا (٣) گەڕەک دەگرێتەوە بە ڕێژەی (٢٩,٢٪) ی کۆی ڕوبەری باخچەکان دەگرێتەوە .

**خشتەی (٣)**

**ژمارە و ڕووبەر و ڕێژەی باخچە گشتییەکان بە پێی گەڕەک لە شاری سلێمانیدا بۆ ساڵی ٢٠٢٤**

| ژمارە | گەڕەک | ژمارەی باخچە | ڕووبەری باخچە | ڕێژەی ڕووبەری باخچە لە کۆی ڕووبەری باخچەکان٪ | ڕێژەی باخچە لە کۆی ڕووبەری شاری سلێمانی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشتی | 20 | 30849 | 2.89 | 0.02% |
| 2 | بەرانان | 10 | 11623 | 1.09 | 0.01% |
| 3 | باخان | 3 | 5737 | 0.54 | 0.00% |
| 4 | بەختیاری | 34 | 108159 | 10.13 | 0.08% |
| 5 | مامۆستایان | 17 | 15970 | 1.50 | 0.01% |
| 6 | هەکاری | 1 | 1005 | 0.09 | 0.00% |
| 7 | کاریزە وشک | 12 | 12962 | 1.21 | 0.01% |
| 8 | دەباشان | 4 | 9788 | 0.92 | 0.01% |
| 9 | سەرچنار | 46 | 111804 | 10.47 | 0.09% |
| 10 | بادینان | 2 | 4400 | 0.41 | 0.00% |
| 11 | شەکرەکە | 11 | 23774 | 2.23 | 0.02% |
| 12 | زەرگەتە | 11 | 27319 | 2.56 | 0.02% |
| 13 | قلیاسان | 1 | 2720 | 0.25 | 0.00% |
| 14 | کوردسات | 31 | 92600 | 8.67 | 0.07% |
| 15 | سەروەری | 9 | 10362 | 0.97 | 0.01% |
| 16 | فەرمانبەران | 22 | 43466 | 4.07 | 0.03% |
| 17 | شێخان | 13 | 17999 | 1.69 | 0.01% |
| 18 | مەلکەندی | 2 | 2650 | 0.25 | 0.00% |
| 19 | گۆیژە | 3 | 7965 | 0.75 | 0.01% |
| 20 | دارۆغا | 2 | 586 | 0.05 | 0.00% |
| 21 | تووی مەلیک | 17 | 36957 | 3.46 | 0.03% |
| 22 | عەلی کمال | 7 | 7635 | 0.71 | 0.01% |
| 23 | مەجید بەگ | 10 | 23922 | 2.24 | 0.02% |
| 24 | ئازادی | 13 | 21441 | 2.01 | 0.02% |
| 25 | ئەزمەڕ | 6 | 7073 | 0.66 | 0.01% |
| 26 | هەوارەبەرزە و هەواری تازە | 6 | 28053 | 2.63 | 0.02% |
| 27 | نێرگز | 1 | 1496 | 0.14 | 0.00% |
| 28 | شۆڕش | 1 | 800 | 0.07 | 0.00% |
| 29 | ئیبراهیم احمد | 12 | 42246 | 3.96 | 0.03% |
| 30 | کازیوە | 9 | 23767 | 2.23 | 0.02% |
| 31 | خەبات | 18 | 38010 | 3.56 | 0.03% |
| 32 | ڕۆژهەڵات | 4 | 10928 | 1.02 | 0.01% |
| 33 | کانی با | 4 | 9891 | 0.93 | 0.01% |
| 34 | وڵوبە | 6 | 43014 | 4.03 | 0.03% |
| 35 | قرگە | 1 | 361 | 0.03 | 0.00% |
| 36 | سروشت | 1 | 1128 | 0.11 | 0.00% |
| 37 | گوڵەباخ | 2 | 6533 | 0.61 | 0.01% |
| 38 | پیشەسازی | 1 | 3100 | 0.29 | 0.00% |
| 39 | چوارباخ | 16 | 17664 | 1.65 | 0.01% |
| 40 | شێخ محێدین | 4 | 6849 | 0.64 | 0.01% |
| 41 | ئاوباریک | 4 | 10143 | 0.95 | 0.01% |
| 42 | شارەوانی | 16 | 27954 | 2.62 | 0.02% |
| 43 | ڕزگاری | 39 | 53295 | 4.99 | 0.04% |
| 44 | ئابڵاخ | 2 | 3237 | 0.30 | 0.00% |
| 45 | چوارچرا | 11 | 45052 | 4.22 | 0.04% |
| 46 | ئاوبارە و ئاشە سپی | 1 | 1573 | 0.15 | 0.00% |
| 47 | هەواری شار | 1 | 3800 | 0.36 | 0.00% |
| 48 | تافگە | 4 | 8372 | 0.78 | 0.01% |
| 49 | کۆمپانیای بیابان | 2 | 9898 | 0.93 | 0.01% |
| 50 | باڵامبۆ | 7 | 31669 | 2.97 | 0.02% |
| 51 | سەیوان | 1 | 439 | 0.04 | 0.00% |
| کۆ | | 481 | 1068038 | 100 | 0.84% |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە :**

**وەزارەتی شاروانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلیمانی، بەڕێوبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە، ئاماری ساڵی ٢٠٢٤ .**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، ٢٠٢٤ .**

**وەزارەتی شاروانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلیمانی، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە، ئاماری ساڵی ٢٠٢٤**

## ٤- دابەشبوونی چڕی ڕوبەری باخچەکان

به تێڕوانین لە خشتەی(٤) و نەخشەی (٤) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە گەورەترین گروپی قەبارەی چڕی ڕوبەری باخچەکان لە شاری سلێمانی بەپێی گەرەکەکان لە نێوان پۆلی(١٤٢٩٢-٢٨٢٢٢) بە ڕێژەی(٢١,٣٪) و کەمترین ڕێژەیش پۆلی (٨٣٩٤٧-٩٧٨٧٧) بە ڕێژەی( 8.٦) لەکاتێکدا هیچ ژمارەیەکی دووبارە بۆ پۆلی (٥٦٠٨٥-٧٠٠١٥) و (٧٠٠١٦-٨٣٩٤٦) تۆمار نەکراوە لە گەرەکەکانی شاری سلێمانی واتە گروپی (١٤٢٩٢-٢٨٢٢٢) بەرزترین ڕێژەی ڕوبەریان لە نێوان گەڕەکەکانی شاری سلێمانی گرتووە بە ڕێژەی لە (٢١,٣٪)ی کۆی گشتی ڕوبەری سەرجەم باخچەکانی شاری سلێمانی .

**خشتەی (٤)**

**دابەشبوونی چڕی ڕوبەری باخچەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٤**

| ژمارە | پۆل | ژمارەی دوبارەبوونەوەی باخچە | دوبارەبوونەوەی ڕوبەری باخچەکان | ڕێژەی چڕی دابەشبوون |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 361-14291 | 29 | 163054 | 15.2 |
| 2 | 14292-28822 | 10 | 227863 | 21.3 |
| 3 | 28223-42153 | 4 | 137485 | 12.8 |
| 4 | 42154-56084 | 5 | 227073 | 21.2 |
| 5 | 56085-70015 | 0 | 0 | 0 |
| 6 | 70016-83946 | 0 | 0 | 0 |
| 7 | 83947-97877 | 1 | 92600 | 8.6 |
| 8 | 97878-111804 | 2 | 219963 | 20.5 |
| کۆ | ٨ پۆل | 51 | 1068038 | 100 |

**سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی(٢)**

## دەرئەنجام

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەشتینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە :

1. باخچە گشتییەکان لە شاری سلێمانیدا بە شێوەیەکی نارێک دابەشبوون بەسەر گەڕەکاکانی شاردا، بەجۆرێک هەندێک لە گەڕەکەکان (٤٠) باخچە زیاتری هەیە و هەندێکیش تەنها یەک باخچەی هەیە، یاخود هەندێک گەڕەک هیچ باخچەیەکی نییە .
2. گەڕەکی سەرچنار زۆرترین ژمارەی باخچەی بەرکەوتوە کە ژمارەی باخچەکانی (٤٦) دانەیە، بەڵام هەر یەک لە گەڕەکەکانی (هەکاری، قلیاسان، هەواری شار، سەیوان، ئاوبارە و ئاشە سپی، نێرگز، شۆڕش، قرگە، سروشت، پیشەسازی) تەنها (١) باخچەیان هەیە .
3. ڕوبەری باخچەکان لە گەڕەکێک بۆ گەڕەکێکی دیکە جیاوازە، کە زۆرترین ڕوبەری باخچە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا دەکەوێتە گەڕەکی (سەرچنار) کە ڕوبەرەکەی بریتییە لە (١١١٨٠٤م٢) و ڕێژەی (١٠،٤٧٪) ی کۆی ڕوبەری باخچەکان دەگرێتەوە، بەڵام کەمترین ڕوبەر دەکەوێتە گەڕەکی (قرگە) کە ڕوبەرەکەی دەگاتە (٣٦١م٢) و ڕێژەی (٠،٠٣٪) ی کۆی ڕوبەری باخچەکان دەگرێتەوە .
4. چڕی دابەشبوونی ژمارەی باخچەکان جیاوازە لە گەڕەکێک بۆ گەڕەکێکیتر، ئەو باخچانەی کە دەکەوونە پۆلی (١٣-١٨) زۆرترین ژمارەی باخچەیان بەرکەوتووە کە ژمارەیان (١١٠) باخچەیە، ڕێژەی (٢٢،٨٪) ی کۆی باخچەکان دەگرێتەوە، بەڵام ئەو باخچانەی دەونە پۆلی (٣٧-٤٢) کەمترین باخچەیان بەرکەوتقو کە ژمارەیان (٣٩) باخچەیە کە ڕێژەی (٨،١٪) ی کۆی باخچەکان دەگرێتەوە.
5. چڕی دابەشبوونی ڕوبەری باخچەکان جیاوازە ئەو باخچانەی بەرزترین چڕییان هەیە دەکەونە پۆلی ڕوبەر (١٤٢٩٢-٢٨٢٢٢)م٢ کە (١٠) باخچە دەگرێتەوە کۆی ڕوبەریان دەگاتە (٢٢٧٨٦٣م٢) و ڕێژەی (٢١،٣٪) ی کۆی ڕوبەری باخچەکان پێک دێنێت، بەڵام ئەو باخچانەی نزمترین چڕییان هەیە دەکەونە پۆلی ڕوبەر (٨٣٩٤٧-٩٧٨٧٧)م٢ کە تانها (١) باخچە دەگرێتەوە بە ڕوبەری (٩٢٦٠٠م٢) و ڕێژەی (٨،٦٪) ی کۆی ڕوبەری باخچەکان دەگرێتەوە.


## ڕاسپاردە

لە دوای توێژینەوەکە ئەم ڕاسپاردانە دەخەینەڕوو

1. لە ناوچەی لێکۆڵینەوە کە (١٦٧) گەڕەکی هەیە، بەڵام تەنها (٧٤) گەڕەک باخچەی هەیە و (٩٣) گەڕەک باخچەی نییە، واتە ڕێژەی (٤٤,٣٪) ی گەڕەکەکان باخچەی بۆ دروستکراوە و ڕێژەی (٥٥,٧٪) ی گەڕەکەکان بێبەشن لە بوونی باخچەی گشتی لەبەر ئەوا پێویستە ئەو گەڕەکانی بێبەشن لە بوونی باخچە، باخچەیان بۆ دروست بکرێت.
2. دانانی پلانێکی ورد و زانستی لەلایەن بەڕێوبەرایەتی شارەوانی سلێمانی بۆ سەرلە نوێ دارشتنەوەی باخچەکانو گرنگی زیاتریان پێبدرێت چونکە باخچە گشتییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە سەوزکردن و جوانکردنی شار و پاکردنەوەی هەوای ناوچەکە.

**شێوەی (١)**


**دابەشبوونی چڕی ڕوبەری باخچە گشتییەکان لە شاری سلێمانی بۆ ساڵی ٢٠٢٤**




**سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی(٤)**

**نەخشەی (٤)**

**دابەشبوونی چڕی ڕوبەری باخچەکان لە شاری سلێمانی بۆ ساڵی ٢٠٢٤**




**سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (٤) .**

3. دانانی پرۆژەیەکی ورد بۆ زیادکردن و چاککردنەوەی باخچەکان، پرۆژەکە بە چەند قۆناغیک بەڕێوەبچێت، قۆناغی یەکەم/ دروستکردنی (١٠-١٢) باخچە بۆ ئەو گەڕەکانەی هیچ باخچەیەکیان نییە، قۆناغی دووەم/ دروستکردنی (٣-٥) باخچە لەو گەڕەکە گەورەکان، قۆناغی سێیەم/ تەواوکردنی تۆڕیکی باخچە لە هەموو گەڕەکێک، ئەم قۆناغانەش بە پێی پلانێکی بکرێت کە هەر یەکەیان پێویستیان بە کاتێکی دیاریکراوە.
4. بەشداریکردنی کۆمەڵگە لە هاندانیان بۆ پاراستن و پاکڕاگرتنی باخچەکان، ئەو باخچانەی دروست دەکرێت بە شیوەیەک بێت کە کەمترین ئاوی پێویست بێت و بە شیوەیەکی ئاسان بتوانرێت چاککردنەوە بۆ پێداویستی و کەل و پەلەکانی ناو باخچەکان بکرێت لە لایەن بەڕێوبەرەیتی باخچەکان ..

## لیستی سەرچاوەکان


### کوردییەکان/ نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:

ئەمین،هاوڕێ یاسین محمد، ٢٠١٣، *گۆڕانکاری ئاو و هەوا و کاریگەری لەسەر ژینگەی سلێمانی و دەوروبەری*، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان .

عباس، هۆشمەند جوهر، حسێن، سەنگەر أحمد، مصطفی، فاطمە قادر ، ٢٠٢١، *شیکردنەوەی جوگرافی بۆ خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شارۆچکەی دارەتوو بە بەکارهێنانی سیستەمە زانیاریە جوگرافییەکان (GIS)*، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین .

محمد، شاد حمید، ٢٠١٩، *ڕادەی گونجاندن لە نیوان پلانی شاری سلێمانی و توانای تۆری شەقامەکانی*، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان .

هەنارەیی، ڕزگار محمد عثمان، و أحمد، ڕۆژان صباح، ٢٠٢٠، *هەڵسەنگاندنی جوگرافیی دابەشبوونی ڕووبەری سەوزایی لە شاری سۆران بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان(GIS)*، گۆڤاری توێژەر ، بەرگی ٣، ژمارە٢.

### سەرچاوە حکومییەکان

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، ٢٠٢٤ .

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلیمانی، بەڕێوبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە، ئاماری ساڵی ٢٠٢٤.

وەزارەتی شاروانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلیمانی، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە، ئاماری ساڵی ٢٠٢٤ .

### سەردانی مەیدانی

سەردانی مەیدانی توێژەر لە بەرواری (٢٠٢٥/٤/٥ و ٢٠٢٥/٥/٢٠) .

### عەرەبییەکان

الجميلي، رياض كاظم سلمان، ٢٠٠٧،كفاءت التوزيع المكاني للخدمات المجتمعية (التعليمية و الصحية و الترفيهية) في مدينة كربلاء، اطروحة دكتوراه، كلية تربية (ابن رشد)، جامعة بغداد، بغداد .

الحديثي، عباس غالي داود، ١٩٨٢، الخدمات الترفيهية لسكان مدينة البصرة، دراسة تحليلية في جغرافية المدينة و اقليمها، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية الاداب، جامعة بغداد، بغداد .

الدليمي، خلف حسين علي، ٢٠٠٨، تخطيط الخدمات المجتمعية و البنية التحتية -اسس-معيار-تقنيات، دار الصفاء للطباعة و النشر، عمان .

الرواندزی، عمر حسن حسين، تقييم جغرافي و توزيع الحدائق العامة في مدينة اربيل، گۆڤاری ئەكاديمياى كوردى، ژمارە ٣٤ .

سعيد، كامران توفيق، ٢٠١٨، كفائة التوزيع المكاني للمسطحات الخضراء في مدينة كوية، ResearchGate https://www.researchgate.net/publication/329034257

الظالمي، هالة هادي صالح، ٢٠١٨، التحليل المكاني للخدمات الترفيهية في مدينة السماوة، رسالة ماجستير (غير منشورة)، جامعة المثني، كلية التربية، المثني .

العدوان، محمد عبدالمهدى زيدان، ٢٠٢٢، الحدائق و المنتزهات العامة ضمن حدود البلديات، AJSP المجلة العربية للنشر العلمي، العدد تسعة و أربعون .

الموسوي، محمد عرب، و الخزرجي، طه مصحب، ٢٠٢٠، أهمية المساحات الخضراء و توزيعها و نظم تصميمها في المدن (مدينة العمارة أنموذجا)، مجلة(و ميض الفكر) للبحوث هي مجلة علمية محكمة، كلية التربية الأساسية، جامعة ميسان، كلية التربية، جامعة سامراء .